# ئەوانەی مێژووی خۆیان بۆ ئێمە دەنوسنەوە

## (سەبارەت بە قسەکانی مەلا بەختیار لەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری)

## ئاسۆ کەمال

لە گفتوگۆیەکی ڕادیۆی لاوان لە یۆتۆبۆری سوید مەلا بەختیار لەوەڵام بە پرسیارێك کە لەسەر هێرشی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر حزبی ئێمە لە تەموزی 2000دا بوو، دەیەوێت مێژوو و تەجروبەی خۆی لەگەڵ یەکێتی دا بۆ ئێمە بنوسێتەوە. لە 2002 ئەو هەوڵانەی مەلا بەختیار گرتیە ئەستۆ بۆ دانیشتنی حزبی ئێمە و یەکێتی لەسەرئەو کێشەیەی لەنێوانماندایە، چاوەڕێ بوین بزانین ئەمە نیاز و ویستی یەکێتی‌یە یان تەنها هەوڵی شەخسی خۆیەتی. لەم بارەوە گفتوگۆی مەلابەختیار ئەو کاتە لەگەڵ ڕادیۆیەکی سلێمانیدا کردی زۆر پێچەوانەی ئەم قسانەی ئێستای بوو لەوێدا " هێرشی بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە پیشیلکرانی ئازادی سیاسی "دانابوو ، بەڵام دوای سەرنەگرتنی هەوڵە شەخسیەکانی مەلا بەختیار بۆ ئەم دانیشتنە بە لەئاردا نەبونی هیچ نیازێك لەلایەن یەکێتی یەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ، پێشنیاری مەلا بەختیاریش ئێستا بوەتە زمانی "ئاقڵ کردن" و " ئاڵوگۆڕ" پێك هێنانی لەحزبی ئێمەد !!!.

مەلا بەختیار لە تەجروبەی شەخسی خۆیەوە سەیری هێزی عەسکەری یەکێتی دەکات. کاتێك ئەو بەتاوانی ئەوەی موخالیفی سیاسی سەرکردایەتی یەکێتی و بەتایبەت نەوشیروان مستەفا بوو لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا ، هەر ئەم سەرکردایەتیە بە هێزی عەسکەری مەلا بەختیار و چەند چەکدارێکی تری هاوڕێی گرت و زیندانی کرد و ئەوەی نەشیاوە بەرامبەریان کرد. ئەو کات سەرکردایەتی یەکێتی هەر ئەم زمانەی ئێستای مەلا بەختیار بەرامبەر بەئێمە بەکاری دێنێ ، "15 چەکدار بوون و بە مەفرەزەیەکی ئێمە ئاقڵ کران" ، باسیان لە هێرشی یەکێتی دەکرد بۆ سەر مەلا بەختیار و هاوڕێکانی. ئایا دەکرێت مەلا بەختیار لەم ڕووداو و مێژووە ئەوە فێربوبێت کە یەکێتی لەبەرئەوەی هێزی عەسکەری زۆری هەیە و دەتوانێت هەر هێزێکی موخالفی سیاسی خۆی سەرکوت بکا، ئیتر دەبێت ئەم هێزانە لە کوردستان هەموو وەك مەلا بەختیار ئاقڵ ببن و لەو ڕووداوە خۆش ببن و لەجیاتی لێپرسینەوە و پاشگەزبونەوەی ئەو تاوانبارنەی کوشتاری موخالفینی سیاسی خۆیان کردۆتە شانازی بچینەوە دەست بەدامێنیانەوە بگرینەوە بەڵکو لە بەرەکەتی سەرکەوتنەکانیاندا بحەسێینەوە. ئەمە تەجروبە و ئامۆژگاریەکە کە هەر کەس ولایەنێك پەیڕەوی لێبکات تاماوە مل کەچی ئەو هێزانە دەبێت کە جگە لە سەرکوت و پابەندنەبون بە ئازادی سیاسیەوە هیچ پرەنسیبێکی تر لەبەرامبەر موخالفینی سیاسی خۆیاندا بەکار ناهێنن. هەربۆیە باشتر وایە مەلا بەختیار ئەم زمان و ئامۆژگاریانەی بۆخۆی هەڵگرێت و چیتر وەك بەشێك لەو سەرکردانەی یەکێتی و وەك شەخسی نەوشیروان مستەفا خوێنی خۆی تاڵ نەکات. ئەگەر وەکو خۆی دەڵێت "ئەو ڕووداوە خراپ بوە "، دەبێت بزانین قسەی لەسەر ئەو هێزەی کوشتاری کردوە چیە؟ چ شتێك بە ڕەسمی و ئاشکرا لەسەر ئەو ڕووداوە و قەدەغەکردنی حزب دەڵێن؟ چ بەڵێنێك دەدەن کە جارێکی تر هێزی عەسکەری بۆ سەرکوتی موخالفی سیاسی خۆیان بەکار نەهێنن؟ بەڵام زمانێك کە مەلا بەختیار قسەی پێدەکات نیشانی دەدا کە یەکێتی نیشتمانی ناتوانێت ئەو ئاڵوگۆڕە لە خۆیدا پێك بهێنێت و مەنتیقی هێز و دەسەڵاتی میلیشیایی خۆی بۆ چارەسەری کێشەی لەگەڵ حزبی ئێمەدا ناگۆڕێت.

پەیوەندی نێوان یەکێتی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و چارەسەرنەبونی ئەم کێشەیە بەشێك لەو واقعیەتێکی گەورەتری کۆمەڵگای کوردستانە. ئەوەی کە حزبی دەسەلاتدار هیچ پرەنسیب و یاسایەکی نیە کە ئازادی ئەحزاب و ئۆپۆزسیۆن بوون دابین بکات و هەموو قانون و مەنتیقێکی لە هێزی عەسکەری و میلیشیای گەورەدایە ، بوەتە سەرچاوەی کێشەی گەورە لە کوردستاندا.جگە لەوەی ئەم سیاسەت و مەنهەجە 4 ساڵ شەڕی ناوخۆی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند ، ئەم دەسەڵاتە میلیشیایی و عەشیرەتیە ئەمڕۆش ناتوانێت کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان ببات بەڕێوە و چارەسەری کێشە و خواستە مەدەنی و ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە.ناڕەزایەتی خویندکارانی زانکۆکانی سلێمانی و مامۆستیانی شار و شارۆچکەکانی سلێمانی دژ بە گەندەڵی ئیداری و سیاسی بەشێکی تری ئەو واقعیەتە بەرفراوانەیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ یەخەی ئەم دەسەلاتە میلیشیایی و عەشیرەتیە دەگرێتەوە . مەلا بەختیار دەبێت چاوێك لە هاتنە خوارەوە و نەمانی متمانە بکات بەو ڕێکخراوانەی بەناوی جەماوەرەوە ئەو مەسئولیەتی لەنیو خویندکاران و مامۆستیان و چین وتوێژەکانی تردا تا بزانێت ئەو ئیدعایانەی دەیکات لەمەر

دیموکراسی بونی یەکێتی و دابینکردنی خواست وژیانی خەڵکی لەلایەن دەسەڵاتەکەی ئەوانەوە تاسەر بڕناکات و درەنگ یان زوو ئەم بن بەستە سیاسی و ئیداریانە ئیمکانی پەردەپۆش کردنیان نابێت.

ئەوەی ماوەتەوە لەسەر دڵ خۆکردنیشیان بە پۆستی سەرۆکایەتی ئەوە بڵێین کە جگە لە کێشەی قوڵی نیوان یەکیتی و پارتی لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی و باڵادەستی کە هیچ لایەکیان " ناتوانن ئاڵوگۆڕ لە نەهج و سیاسەتیاندا پێك بهێنن" و ئەم ململانێیە بدەنە دەست ئەو دیموکراسیەتەی شانازی پێوە دەکەن، کێشەی پۆستی سەرۆکایەتی لەوەدایە کە خۆیان لەسەر تەقسیمی عێراق بە سونە و کورد و شیعە بەشە دەسەڵاتەکەیان ڕاگرتوە ئیتر چۆن دەتوانن سەرۆکایەتی هەموو عێراق بکەن . ئەم پۆستە سەرۆکایەتیەی تاڵەبانی بە قیمەتی ئیلحافکردنەوەی کوردستان بە حکومەت و دەستوری عێراقەوە بەدەست هاتوە کە ماف و چارەنوسی کوردستانی کردۆتە پاشکۆی حکومەتێکی ئیسلامی وعەرەبی لە عێراقدا دەبێت خودی ئەندامانی خوارەوەی یەکیتی (جگەلە کاربەدەستانی سەروە) چ خیریك لە سەرۆکایەتیەی تالەبانیدا بەدەست بهینن، چ جای خەلکی عامەی کوردستان و عیراق؟ تائەوەی بە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیش دەگەریتەوە، ئیمە لەم ئاهەنگەی کەلەسەر حسابی خەڵکی کوردستان کێکی سەرکەوتن دابەش دەکەن ، بەشداری ناکەین و کاری و ئێمە ئەوەیە حەقیقەتی تاڵی پشتی ئەم ئاهەنگە بەخەڵکی کوردستان و عێراق بڵێین.